ملەوانەم چنی بۆ ئەو ئاژەڵانەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیویست بیانکاتە قوربانی، پاشان نیشانەم لەسەر لاشەیان دانا، وملەوانەکانی کردە ملیان -یان ملەوانەکانم کردە ملیان-، پاشان نێردران بۆ ماڵی خودا، لە کاتێکدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مەدینە بوو، وهیچ شتێکی لەسەر خۆی حەرام نەکرد کە پێش ناردنیان حەڵاڵ بوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ملەوانەم چنی بۆ ئەو ئاژەڵانەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیویست بیانکاتە قوربانی، پاشان نیشانەم لەسەر لاشەیان دانا، وملەوانەکانی کردە ملیان -یان ملەوانەکانم کردە ملیان-، پاشان نێردران بۆ ماڵی خودا (بۆ مسجد الحرام لە مەککە)، لە کاتێکدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مەدینە بوو، وهیچ شتێکی لەسەر خۆی حەرام نەکرد کە پێش ناردنیان حەڵاڵ بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو ماڵەی خودا کە کەعبەی تێدایە (مەبەست مزگەوتی حەرامە لە مەککە) زۆر بە مەزن وپیرۆز وموبارەکی دادەنا، وئەگەر خۆی سەردانی نەکردایە ئەوا قوربانی بۆی دەنارد ئەمیش وەکو بە مەزندانانی، وبۆ خزمەتکردنی دراوسێکانی، وئەگەر قوربانی ڕەوانە بکردایە بەرەو مەککە نیشانەیانی دەکرد وملەوانەی دەکردە ملی ئاژەڵەکان؛ بۆیە ئەوەی خەڵکی بزانن کە ئەمە بۆ قوربانیکردن بۆ ماڵی خودا (مزگەتی حەرام) نێردراوە، وبۆ ئەوەی ئازار نەدرێن، بۆیە عائیشە -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات وەکو دووپاتکردنەوەیەک بۆ ئەم بابەتە: کە ئەو ملەوانەی دروستەکرد بۆ ئاژەڵەکان، وئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قوربانی ڕەوانە بکردایە بەرەو مەککە کە خۆی لە مەدینە بوو؛ ئەوا دوور نەدەکەوتەوە لە ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە ئەو کەسەی حەج دەکات دەبێت لێی دوور بکەوێتەوە، وەکو: چێژ وەرگرتن لە هاوسەر (بەهەر شێوەیەک بێت)، وبۆن لە خۆدان، و لەبەرکردنی جلێک کە دووڕا بێت بە تیرە وشتی تر، وبەو شێوەیە، بەڵکو هەموو شتێک کە پێش ناردنەکە حەڵاڵ بێت هەر بە حەڵاڵی دەمایەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3132